## دیوانی سیف القضات

نەمر مەلا حەسەنی سەیف القوزات لەو شاعیرانەیە کە پەیوەندی گەلێ نزیکی لەگەڵ بۆکان و دەوروبەری هەبوە. لە گوندی عەمباری نزیک بۆکان لە لای مەلا شەفیع و هەروەها لای مەلا حەسەنی قزڵجی و مەلا ساڵحی سەدراباتی و مەلای سلێمان کەندی دەرسی خوێندوە، موریدی شێخی بورهان بوە و هاتوچۆی ئەوێی کردوە. لە گوندەکەی خۆی واتە گوێگجەلی لەسەر چۆمی مەجیدخان باخ و باخاتی جوانی ناوەتەوە و دۆستایەتیەلی قووڵ و کەم وێنەی لەگەڵ عەزیز ئاغای عەبباسی(ئاغای کولتەپەی قورمیش) هەبوە و بەشێک لە باشترین شیعرەکانی بۆ ئەو یا بۆ عەلی بەگی حەیدری(سالار سەعید) داناون.
بەشێک لە شیعرە کوردییەکانی لەلایەن مامۆستا ئەحمەدی قازییەوە چاپ کراون. لەوان و لە پاشماوەی شیعرە چاپ نەکراوەکانیدا کە من بەختی ئەوەم هەبوە چاوم بە دەستنووسەکانی بکەوێت (کوردی و فارسی)، سەیف باسی گوند و باخ و رووبار و کەسایەتی گوندەکانی دەوروبەری بۆکان دەکات. شیعری سیف القضاة سەرچاوەیەکن بۆ مێژووی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی بۆکان.
بۆ خوێندنەوەی بەشێک لە شیعرەکوردییەکان، بڕوانە:

دیوانی سیف القضات، گردەکۆیی قازی ئەحمەد، چاپی یەکەم
ناشر : ؟، تاران ١٣٦١(١٩٨٢)، ٨٢ لاپەڕە.
رۆژنامەی "پەیام کوردستان" چاپی مەهاباد، ژمارە ٣١ مانگی تیر (جولای) ١٣٨٥ (٢٠٠٦)، لاپەڕەی ٩ وتاری سیف القضات و جنبش سید محمد خیابانی باستناد ٣ قطعه شعر فارسی سیف القضات ، نووسراوی حەسەن سەیفی قازی و ئەنوەر سوڵتانی. هەروەها چەند بابەتی هاوچەشن کە بڕیارە لە ژمارەکانی دواتری رۆژنامەکەدا لەمەڕ سەیف چاپ بکرێت.
* زانیارییەکانی سەرەوە لە سەرەتای کاک ئەحمەدی قازی وەرگیراوە.